# کورد بانگی لووتکەی عارەبی لە خەرتووم نەکرا

**فــەهــد گــردەوانــی**



هەر هەموومان دەمانزانی کۆنگرەی هەژدەمینی لووتکەی خەرتووم بە مردووی لەدایک دەبێت...جگە لەوەی هەشت سەرۆک و پاشا بەشدارییان نەکرد، بگرە هەموو تەنگوچەڵەمەی جیهان و جیهانی ئیسلام و جیهانی عارەبی و مەسەلەی سەرەکی فەلەستین تەنها رۆژێکی بۆ دەستنیشان کرا و خایاند...پیرۆزتان بێت ئەی سەرۆکانی عارەب ، چۆن توانیتان لەحود ی سەرۆک لوبنان و سەنورەی سەرۆک وەزیرانی لوبنان بە جیاواز دابنێن هەریەکە لەسەر کورسیەکی دوور لەیەکتر دابنیشن ئاواش هەوڵدەدەن هەموو سەرانی عێراقی لە کۆنگرەیەک کۆبکەنەوە و عێراق هێمن بکەنەوە ...چۆن دەتانەوێ مەسەلەی



فەلەستین چارەسەر بکەن و وا هەنگاو بە هەنگاو دەرگای پەیوەندی بۆ ئیسرائیل دەکەنەوە ،بەشداری رەجەب تەیب ئۆردوگان لەو کۆنگرەیە ترساندنی ئێرانە یان بۆ دڵخۆشکەری ئیسرائیل و ئەمریکایە...سەرۆکی میسر حوسنی موبارەک و شای سعودیا عەبدوڵلا کوری عەبدولعەزیز و سەرۆکی تونس زەین العابدین کورێ عەلی و سەرۆکی عێراق جەلال تاڵەبانی...هتد بەشداریان نەکرد،هەریەکە بەهانەیەکی بۆخۆی دۆزیەوە بۆ بەشداری نەکردووە... بریارەکانی کۆنگرەی لوبنان هەر کاری لەسەر دەکەن و ئەوانەی تازە واتە گرژی و تەنگوچەڵەمەی نێوان (سوریا ولوبنان) و (میسرو سودان) و (عێراق وئێران و سوریا و کویت و سعودیا) و (ئوردن و سوریا) و (لیبیا و سعودیا) و( قەتەر و سعودیا) و( مەغریب و جەزائیر) و (فەلەستین و ئیسرائیل دەبێتە بنیشتە شینەی بابەتەکانیان)...ئەمانە جارێ لە ئاسماندا رادەگیرێت هەتا خوا چارەسەری بۆ دەدۆزیتەوە ...ئەوەی بۆمن ئاشکرا نیە بۆچی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لێنەکرا بەشداری ئەو لووتکەیە بکات خۆ پێش ماوەیەک هەردوو بەرێزان مام جەلال و کاک مەسعود بەگوڵ و مافووری سوور پێشوازیان لە {عمروموسی} سەرۆکی جامیعەی عارەبی کرد لە هەولێر و سلێمانی ... ئەی بۆ سەرۆک وجیگری سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بانگ نەکران وەکو چاودێر بەشداری بکەن خۆ ئەوانیش {عمروموسی} یان بردە ناو پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانیان بۆ کۆکردەوە و ئەیش بە عارەبی قسەی بۆ کردن...گەلۆ سیاسەتمەداری کورد ئەوەندە بێقیمەتە کە نازانێ نرخی لە کوێ یە یا ئەو سەرکردانە بەو شێوەیە سیاسەت دەکەن کە هەردەم خۆیان بەبچوک دێتە بەرچاو...چاک دەزانم بەشداری کردن و نەکردنی سەرۆکی هەریم و سەرۆکی پەرلەمانی هەرێم هیچ لە

**فەشەلی کۆنگرەی لووتکەی خەرتووم ناگۆڕێ بەڵام دەبوو بە دانپێنانەک بۆ مەسەلەی رەوای کورد و بۆ ئەو دەنگانەی کە لە کوردستان درا بۆ ئەو پەرلەمانە با هەرێمیش بێت...**

**ستۆکهۆڵم2006/3/28**

بۆ زانیاری رەجەب تەیب ئوردوگان سەرۆکوەزیرانی تورکیا و محەمەد جاسم ئەلسەقەر سەرۆکی پەرلەمانی عارەبی و ئەلفا عومەر کوناری سەرۆکی یەکێتی ئەفریقا وەکو میوانی چاودێر بانگکرابوون بۆ ئەو کۆنگرەیە...